ڕێبەری باڵای ئێران: قارەمانەکانمان قۆناغی زایۆنیستی سزا دەدەن

عەلی خامنەیی، ڕێبەری باڵای کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەمڕۆ سەشەممە هەڕەشەی سزادانی لە "کیانی زایۆنیستی" کرد بەهۆی هێرشەکەی ئێوارەی دوێنێوە کە کرایە سەر کونسوڵخانەی ئێران لە سوریا.

بەپێی ڕاپۆرتی ئاژانسی تەسنیم، عەلی خامنەیی لە ڕاگەیەندراوێکدا سەرنجێشی بە گیانلەدەستدانی ژێنەراڵ محەمەد ڕەزا زاهیدی و کەمێک لە هاوڕێیانی لەسەر دەستی ئیسرائیا ڕاگەیاندوە و دەڵێت، "بە ویستی خودا بەهێز وایان لێدەکەین پەشیمان بنەوە لەو تاوانە و ئێوانی دیکە".
ڕێبەری باڵا دەنیاییداوە لەوەی کە "قۆناغی خراپکار لەلایەن پیاوە قارەمانەکانمانەوە سزا دەدرێت، وایان لێدەکەین پەشیمان بن لەو تاوانیا".
ئێوارەی دوێنێ دوشەممە فڕۆکە جەنگییەکانی ئیسرائیل لە دیمەشقی پایتەختی سوریا کونسوڵخانەی ئێرانیان لە دیمەشق کردە ئامانج و بەهێیەوە ژمارەیەك فەرماندەی باڵای سوپای پاسداران کوژران.